# کاریگەریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان لەسەر پرۆسەی سیاسیی عێراق

**(هەمووان بە دوای ناسنامەدا وێڵن: سوننە و کورد لە هەوڵی پاراستنیدان، بەڵام شیعە دەیسەپێنێ)**

**پرۆفیسۆر دکتۆر سەردار قادر محیەدین**، شارەزا لە یاسای دەستووری و دیپلۆماسییەتی قەیران

**بۆ 18ی دێسەمبەر؟**

"چوارچێوەی هەماهەنگی" کە خۆی پێکهێنەری سەرەکیی "هاوپەیمانیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت" و خودی حکوومەتە و زۆربەی وەزیرەکان لە ئەنجومەنی وەزیران سەر بە ئەون، پڕۆژە یاسایەکیان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق ناردە ئەنجومەنی نوێنەران، کە دەبێ دوای ساڵێک لە تەمەنی حکوومەتەکەی سودانی ساز بدرێ، چونکە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق لە نیسانی 2013ەوە ئەنجام نەدراوە. ئەو پڕۆژە یاسایە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق، یەکێک بوو لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی تشرین لە 2019، گەرچی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 2019 هەڵوەشێندرانەوە، بەڵام هەڵبژاردنی نوێ نەکرا.

ئەزموونی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ڕووی کردارییەوە هەرەسی هێنا و ئەرکی کارگێڕی و خزمەتگوزاریی خۆی بەجێ نەگەیاند، هەرچەندە بەپێی دەستوور لە ماددەی 122 ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان هەیە. حکوومەت دوای هەڵبژاردنەکەی ئۆکتۆبەری 2021 کە دوای یەک ساڵ لە وادەی هەڵبژاردن پێک هات، چوارچێوەی هەماهەنگی بەپێویستی زانی کە کارەکان لەسەر بونیادی زەینییەتی سیاسیی خۆی ڕێک بخاتەوە؛ هەر بۆیە 18ی دێسەمبەری بۆ ئەو بۆنەیە دانا، بەڵام بۆ؟ وەڵامی ئەو پرسیارەیش ئەوە دەردەخا کە کورد و سوننە لە بەردەم مەترسییەکی گەورەدان، ئەگەر بەرەنجامەکان لەگەڵ خواستی ڕەوتە وەلائییەکانی سەر بە ئێران هەماهەنگ بوو.

- دەبوایە حکوومەت دەرچەیەک بۆ هەڵبژاردن بکاتەوە، ئیدی ئەنجومەنی پارێزگاکان بوایە یان پەرلەمان، هێزە سیاسییەکان و خودی سەدریش بەتەمای هەڵبژاردنی پەرلەمانی بوون دوای ساڵێك لە پێکهێنانی حکوومەت؛ بەڵام چوارچێوەی هەماهەنگی کە ئەوکات تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتی کەوتە دەست، ئامادە نەبوو جارێکی تر بیانخاتەوە مەترسی و بەردەستی سەدر. هەر بۆیە وای بەباش زانی کە پێش هەڵبژاردنی پەرلەمانی، هی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکات، تا ببێتە زەمینەیەک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان.
- خاوکردنەوەی هاوکێشەکان؛ بەوەی لایەنە سیاسییەکان چاویان بکەوێتە سەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و کەمێک لە گوشارخستنە سەر حکوومەت دوور بکەونەوە.
- لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە توانیاین گەورەترین گورز دەرهەق بە سەدر و کورد و سوننە بوەشێنن، بەوەی یاسای هەڵبژاردنیان هەموار کردەوە بۆ 18 بازنە و سیستەمی سانت لیگۆ، کە تەواو لە بەرژەوەندیی شیعە بوو؛ بەوەی کە بەردەوام دەبوایە لە بازنەی مەزهەبیدا

بیر بکەنەوە و هەر ئەوانیش زۆرینە و دەسەڵاتدارانی عێراق دەبن. بەڵام لە پێش هەموویانەوە سەدر هەر هەستیشی پێ نەکرد، هەر بۆیە گەرچی یاساکە لێدان بوو لە سەراپای بەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی 2021، لە هەمان کاتیشدا یاسایەک بوو بۆ حزبە زلەکانی دەسەڵات، بەتایبەت شیعییەکان.

- سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کاروباری وڵات لەسەر زەینییەتی سیاسیی چوارچێوەی هەماهەنگی، ئەویش لە ڕێگەی ئەو هەڵبژاردنەوە دەبێ؛ چونکە دوای ئەنجومەنی وەزیران کاروباری وڵات دەکەوێتە ژێردەستی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە.
- تا لەو ڕێگەیەوە دەستیدەستی بە هەرێم بکەن؛ لە لایەک پەرلەمان و کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانیان بە بڕیاری دادگە هەڵوەشاندەوە و کاری پرۆسەی هەڵبژاردنیشیان دایە دەست کۆمیسیۆنی فیدراڵی، بەڵام ئەو بیانووی بەوە هێنایەوە کە هەرگیز ناتوانێ هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم لە وادەی دوای ساڵێک لە درێژکردنەوەی ئەنجام بدات. بەمەیش هەرێمیان لە بازنەیەکی بەتاڵی یاساییدا هێشتەوە لەسەر ئاستی یاسادانان و دواتریش پەڕوباڵکردنی حکوومەتەکەی، کە بووە کاربەڕێکەر و بەبێ پەرلەمان ناتوانێ چەندان بڕیار بدات.
- دوای ئەو هەڵبژاردنە جۆرێکە لە پێداچوونەوە بە سەنگی گرووپە وەلائییەکانی سەر بە ئێران؛ ئەگەر ئەنجامەکانی باش کەوتنەوە، ئەوکات لەوانەیە بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمان بدرێت دوای یەک ساڵ، ئەگەریش خراپ بوو، دەبێتە پێداچوونەوەیەک بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان؛ ئەوکاتیش پرۆسەی بەخۆداچوونەوە و کەوتنەخۆ بۆ چارەسەری کەموکورتییەکان، تا بە باڵادەستی بمێننەوە.

**نەخشەی سیاسیی هەڵبژاردنی 18ی دیسەمبەر**

**یەکەم: داتا بنەڕەتییەکان**

| ژ. دەنگدەران | ژ. پاڵێوراو | ژ. کورسی | | | ژ. لیست | ژ. هاوپەیمانی | ژ. حزبی بەشداربوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەپێی بایۆمەتری زیاتر لە 18 ملیۆن | 5919 | 285 | | | 133 | 38 | 296 | |
| | | گشتی | ئافرەت | کۆتا | | | لەناو هاوپەیمانیتی | بەتەنیا |
| | | 203 | 72 | 10 | | | 198 | 98 |

### دووەم: چاودێریی هەڵبژاردنەکە

| حزبە سیاسییەکان | چاودێرانی ناوخۆی وڵات بێجگە لە حزبەکان | نێودەوڵەتییەکان | دامەزراوە میدیاییە عەرەبی و جیهانییەکان |
|---|---|---|---|
| 5.000 | 33.000 | 87 | 95 |
| | | | |
| | | | |

### سێیەم: کورسیی کۆتاکان

| ژ. کورسی بەپێی یاسا | ژ. پاڵێوراو | ژ. پاڵێوراوی لە 48 کەسەکە | | | | | شوێنی سەنگی کۆتاکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | مەسیحی | سابیئەی مەندائی | فەیلی | شەبەک | ئێزدی | |
| 10 | 48 | 16 | 10 | 13 | 5 | 4 | بەغدا: 3<br>نەینەوا: 3<br>کەرکووک: 1 |

### چوارەم: جۆری پاڵێوراوەکان

| ژمارە | هاوپەیمانێتی | % | حزبەکان | % | پێکهاتەکان | % | کەس | % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5919 | 4223 | 71.3 | 1729 | 29.2 | 48 | 0.81 | 70 | 1.18 |

### پێنجەم: سەنگی ململانێی هەڵبژاردن لە چوار بازنەدا دەبێ

| بازنە | ژ. پاڵێوراو | % لە کۆی گشتی | ژ. هاوپەیمانی | بابەتی ململانێ | ژ. کورسیی چوار بازنەکە | % لە کۆی گشتی | کورسیی کۆتای چوار بازنەکە | % لە کۆی گشتی | پاڵێوراوی کۆتاکان لەو چوار بازنەیەدا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەغدا<br>نەینەوا<br>بەسرە<br>کەرکووک | 2843 | 48.01 | بەغدا: 16<br>نەینەوا: 10<br>بەسرە: 11<br>کەرکووک: 10 | هەژموون و ناسنامە | 112 | 39.29 | 7 لە کۆی 10 کورسی | 70 | 39 لە کۆی 48 پاڵێوراو |

**شەشەم: لە ناوچە کوردستانییەکان**

| بازنە | ژ. کورسی | % لە کۆی گشتی | ژ. پالێوراوان | % لە کۆی گشتی | ژ. هاوپەیمانێتی | بابەتی ململانێ | ژ. پالێوراوی کۆتا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەینەوا<br>سەلاحەددین<br>کەرکووک<br>دیالە | 71 | 24.9 | 1447 | 24.4 | نەینەوا: 10<br>سەلاحەددین: 6<br>کەرکووک: 10<br>دیالە: 7 | هەژموون و ناسنامە | 18 لە کۆی 48 |

## دوای ئەو نمایشی داتایانە، ئایا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هیچ لە نەخشەی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەگۆڕێ؟

وەڵامەکە "بەڵێ"یە. ئەم هەڵبژاردنە خاڵی وەرچەرخانی مەترسیدارترین قۆناغی سیاسییە ئەگەر ئەوەی کە ڕەوتە وەلائییەکانی سەر بە ئێران پلانیان بۆ داناوە بێتە دی، ئەویش لە دووتوێی چەند ڕەهەندێکەوە:

- لە عێراقدا بێمتمانەییی گەل بە کاربەدەست و سیاسەتمەدارەکانی گەیشتۆتە ترۆپکە، گەل وەسفی ئەو دووتوێژە "بە قۆڵبڕ و فێڵباز" ناوزەد دەکات، ئەمەیش ڕەنگدانەوەی یاسای ژمارە 111ی ساڵی 1969ی سزادانی عیراقییە، کە لە ماددەی 456 باس لە قۆڵبڕین و فێڵکردن یان ساختەکردن دەکات. گەلی عێراق ئەوان بە 56 بانگ دەکەن و بۆتە کەلتوورێکی زارەکیی ناو خەڵک، هەر بۆیە هیچ لیستێک نەیوێراوە ژمارەیەک وەربگرێ کە ژمارە 56ی تێدا بێت (56، 156، 256، 356، 456،...)، لەو بارەیەوە ئەگەر سەرنجی ژمارەی لیستەکانی هەڵبژاردن بدەیت، ژمارە 156 بوونی نییە، کە خۆی زنجیرەکە لە 101ەوە دەست پێ دەکات، ئەوەش بۆتە گرفتێکی هەڵبژاردن و کۆمسیۆن. هەر بۆیە کۆمسیۆن بە ناچاری لە 12/7/2021 بڕیارێکی سەمەرەی دەرکرد، بەوەی هەموو ئەو ژمارانەی کە لیستی لایەنەکان بۆ هەڵبژاردن وەری دەگرن، نابێ ژمارە 56 تێدا بێت، ئەو بڕیارەش لە 2021ەوە لە جێبەجێکردندایە.
- ئەگەر ڕەوتە وەلائییەکان لەم هەڵبژاردنەدا سەر بکەون، ئەوا پرۆسەی سیاسی لەسەر ئاستی تەواوی دامەزراوە دەستوورییەکان دەکەوێتە ژێردەستیان، سوننە و سەدر و کوردیش پەراوێز دەخەن و لە هەوڵی گۆڕینی تەواوی نەخشەی مەزهەبی و نەتەوەیی و سیاسیدا دەبن؛ بێ گومان ئێرانیش لەو هاوکێشەیەدا باڵادەستە.
- ڕەوتە وەلائییەکان نەک هەر کار لەسەر بازنەکانی باشووری شیعەمەزهەب دەکەن، بەڵکوو لە هەوڵی دوورخستنەوەی تەواوی هێزەکانی ترن، وەک سەدر، عەبادی، حەکیم و...؛ لە پێشەنگی هەموویشیانەوە مالیکی ئەو هەوڵەی هەیە.
- زۆرینەی ئەنجومەنی پارێزگان لە کام ڕەوت بن، دەبنە بنەما بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق لە داهاتوودا.
- لە هەموویان مەترسیدارتر سەرکەوتنی مالیکییە. ئەو نیازی ئەوەی هەیە 40%ی دەنگەکان لە نۆ پارێزگا شیعەکەی باشوور بۆ خۆی ببات و لە هەوڵیشدایە لەو 9 پارێزگایە 5ی بۆ خۆی ببات.

بەمەیش دەبێتە هێزی یەکەمی شیعی لەسەر ئاستی سیاسی و دامەزراوەییی بێڕکابەر.

- شیعەکان مەبەستیانە گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسیی هەڵبژاردنی پارێزگا سوننییەکاندا ڕوو بدات؛ بۆ ئەو مەبەستەیش لە تەواوی پارێزگاکانی سوننە کاندید و هاوپەیمانییان هەیە. هەر بۆیەیش زۆر جەختیان لەسەر پارێزگای نەینەوا، سەڵاحەددین و کەرکووکە، تا بە دواییدا گۆڕانکاری لە دیموگرافیای دانیشتووانیشدا بکەن، چونکە لەو ناوچانە هیچ ڕێگرییەکی دەستووری بۆ بابەتە نییە. لەوەیش زیاتر، ئەگەر لە کۆی 56 کورسیی ئەو سێ پارێزگایە 10 کورسییان بۆ دەربچێ، یان 10%ی دەنگەکانی هەر یەکێک لەو پارێزگایانە بەدەست بێنن، کاریگەریی دەستوورییان لەسەر چارەنووسی پارێزگاکە دەبێت.
- ئەگەر لەو سێ پارێزگایە ڕەوتە وەلائییەکان بتوانن 10%ی دەنگی هەر یەکێک لەو پارێزگایانە بێنن، ئەوا داوای دروستکردنی پارێزگایەک بۆ شیعە تورکمانەکانی دەشتی نەینەوا دەکەن.
- شوێنبوونەوەی ڕەوتە وەلائییەکان لەو سێ پارێزگایەی سەرەوە کە باسمان کردن، گەورەترین مەترسی لەسەر بونیادی زۆنی سوننی دروست دەکات؛ بە شێوەیەک کە زۆنێک نامێنێ بە ناوی سوننە، بەڵکوو لە چەند ساڵی داهاتوو، دەبێتە زۆنێکی تێکەڵە لە سوننە و شیعە. ئەویش هەمان ئەزموونی دیالە لەوێ دووبارە دەبێتەوە و دواتر ڕەوتەکان پەرە دەسێنن.
- لە لایەکی تریشەوە شوێنبوونەوەی ئەو ڕەوتانە لەو سێ پارێزگایە گەورەترین مەترسی بۆ سەر کورد و پێکهاتەی مەسیحی لەو ناوچانەکەدا دروست دەکات. ئەوەی پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە چەند شتێکە: جێبەجێکردنی ماددەی 140 بەرەو مەحاڵ دەچێ، ڕووبەڕووبوونەوە لەسەر ناسنامە و خاک ڕاستەوخۆ دەکەوێتە نێوان کورد و شیعە، ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری زۆرتر دەبێت و، سوننە لە هاوکێشەی ماددەی 140 دەچێتە دەرەوە. بەڵام ئەوەی کە پەیوەندیی بە مەسیحییەکانەوە هەیە ئەمانەن: دەرکردن، ڕاوەدوونان، هەڵخەڵەتاندن بە پۆست و دارایی و چوونەناو حەشدی شیعییەوە. بەمەیش یان پرسەکەیان لەدەست دەدەن یان بەرامبەر پێشمەرگە و هەرێم بەکار دەهێندرێن، یان ئەگەر نا چۆڵکردنی شوێنەکانیانە.
- لایەنەکان بۆ گۆڕینی نەخشەی سیاسی، قورساییان خستۆتە سەر چوار پارێزگای سەرەکیی عێراق، کە هەر یەکەیان سەنگ و پێگەیەکی تایبەتی هەیە لە عێراقدا: بەغدا، نەینەوا، بەسرە و کەرکووک. ئەو پارێزگایانە گەورەترین پانتاییی بازنەی هەڵبژاردنن. لەو چوار پارێزگایە 2843 پاڵێوراو هەیە کە 48.01%ی هەموو پاڵێوراوانی 15 بازنەکەی هەڵبژاردنە و ململانێی توند لەسەر 112 کورسی دەکەن، کە 39.29%ی کورسییەکانی گشتیی پارێزگاکانە. مالیکی لەو چوار پارێزگایە لە بەغدا، کە پایتەختی سیاسییە و، بەسرە کە پایتەختی ئابوورییە، تەواو خۆی لە چوارچێوەی هەماهەنگی جیا کردۆتەوە، بەڵام لە پارێزگا سوننییەکان دژایەتییان ناکات. واتە دوای هەڵبژاردن لای مالیکی شتێک نامێنی بە ناوی چوارچێوەی هەماهەنگی.
- بۆ کورسیی کۆتاکان لەو چوار پارێزگایە هەمان هاوکێشەی پێشوو دروستە، چونکە 70%ی کورسیی کۆتاکان بۆ ئەو 15 پارێزگایە دەکەونە ئەو چوار پارێزگایەوە، کە لێرەدا ململانێیەکی توند لەسەریان لە نێوان حزبە شیعەکاندا هەیە. بەڵام چانسی شیعەکان بۆ کۆتا لە بەغدا زیاترە، کە لە کۆی 10 کورسییەکە، 3 کورسییان لە بەغدان.
- ململانێکە لەسەر هەژموون و ناسنامەیە. شیعە لەم هەڵبژاردنەدا هەردوو مەبەستەکەی هەیە، ئەویش پلانی مالیکییە، کە دەیەوێ هەژموونی خۆی بەسەر باشووردا بسەپێنێت و ناسنامەی زۆنی سوننەیش بگۆڕێ. بەڵام هەرچی کورد و سوننەن، لە پێگەی بەرگریدان لە بەرامبەر هەڵمەتی

مەزهەبی و سیاسی.

- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگانی 2023 وەک "جەنگێکی تائیفەگەریی بێچەک" وایە؛ هەمووان لە بەرەی سیاسیدا خۆیان مەڵاس داوە؛ ئەوەی کە دەتوانێ ڕۆڵی هەبێت هاوپەیمانێتییە نەک بەتەنیا حزبی سیاسی. بۆ نموونە 71.03%ی بەربژێرەکان لە هاوپەیمانێتیی سیاسییدان، حزبەکانیش- تایبەت ئەوانەی بچووکن- یان دەبێ هاوپەیمانێتی دروست بکەن- کە ئەمەیش بۆ ئەوان ئاسان نییە-، یان دەبێ پاڵ بدەنە حزب یان هاوپەیمانێتییە گەورەکان، چونکە دەنگەکان بە سانت لیگۆ یەکلایی دەکرێنەوە و حزبە بچووکەکان هیچ چانسێکی ئەوتۆیان نییە؛ هەر چەندە 29%ی پاڵێوراوان سەر بە حزبەکانن. لەوەیش زیاتر، 13 هاوپەیمانێتیی سوننە و زیاتر لە 11 هاوپەیمانێتیی شیعە ململانێ دەکەن و 26 هاوپەیمانێتیی تێکەڵیش هەن. بەڵام ئەوەی کە سەد و هەشتا پلە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی پێشوو جیاوازە و جێی مەترسییە، ئەوەیە: کە هیچ پێگەیەک بۆ کەسانی سەربەخۆ نییە و زۆر مەحاڵە بەو حاڵ و وەزعەوە ببنە ئەندامی یەکێک لەو ئەنجومەنانە؛ ئەوان کەمترین ڕێژەی پاڵێوراویان هەیە کە بریتییە لە 1.18%ی لە کۆی گشتیی تەواوی پاڵێوراوان.

**ئایا چارەنووسی چوارچێوەی هەماهەنگی دوای هەڵبژاردن چیی لێ بەسەر دێت؟**

چوارچێوەی هەماهەنگی ئێستا دووچاری پەرتبوون بووە لەسەر ئاستی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و ململانێیەکی توند لە نێوانیاندا هەیە. ئەوەی کە ئەمەی خوڵقاندووە مالیکییە؛ ململانێکەیشی لەگەڵ حەشدی شیعییە. هەر بۆیە ڕاستەوخۆ ڕووی لە "عامری"یە و پێی دەڵێ ئێوە بەبێ من هیچتان پێ ناکرێ! ئەوەی لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی تەواوی پرۆسەکەیە، ڕەوتە وەلائییە توندڕەوەکانن. مالیکی بەنیازی 40%ی دەنگەکان و 5 پارێزگارە لە کۆی 9 پارێزگا شیعییەکەی عێراق، بەڵام هەر ئەوانیشن نزیک و دۆستن لە پارێزگا سوننییەکان.

**بەڵام چارەنووسی هەماهەنگی دوای هەڵبژاردن لە سێ سیناریۆ بەدەر نابێ:**

- مانەوەی وەک خۆی لەگەڵ هەژموونی تەواوی مالیکی بەسەریدا و ئاڕاستەکردنی؛ ئێرانیش ئەمەی پێ خۆشە و پشتیوانییشی لێ دەکات.
- مالیکی جیا دەبێتەوە و چوارچێوەی هەماهەنگی ئێستایش بەدەر لە مالیکی بەردەوام دەبێت و هەردووکیشیان پەیوەندییان لەگەڵ ئێران باش دەبێ و لەلایەن ئێرانیشەوە پاڵپشتی دەکرێن. هەردوو لایان- مالیکی و هەماهەنگی- دژ بە سەدر دەبن. ئەمەیش ئێران پێی ناخۆش نییە، چونکە بوونی دووبەرە دژ بە سەدر، کاریگەریی زۆرترە بە مانەوەی ماڵی شیعە لە عێراق وەک لە دژایەتیی دوو بەرە کە جاران کە پێک هاتبوو لە سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی.
- پەرتبوونی چوارچێوەی هەماهەنگی و نەمانی بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە؛ بەڵکوو ببێتە چەندان ڕەوت و گرووپ. بەو شێوەیەیش ماڵی شیعە لە عێراق بەیەکگرتوویی نامێنێتەوە؛ چەندان دەستەی شیعی پەیدا دەبن، کە کاریگەرییش دەبێت لەسەر خودی مەرجەعییەتێکی مەرکەزی؛ لەوانەیە هەر یەکە لەوانە بانگەشەی مەرجەعییەتێک بۆ خۆی بکات. لەو حاڵەتەدا تەنیا مالیکی و سەدر- کە دوو گرووپی دژ بەیەکن- بەبەهێزی دەمێننەوە و ڕووبەڕووبوونەوەیشیان لەگەڵ یەکدی بەدوور نازانرێ. ئەم سیناریۆیە ئێران پێی کەیفخۆش نییە و هەرگیز دەرفەتیشی پێ نادات.

**ئایا ئەو هەڵبژاردنە لە ناوچە کوردستانییەکان هاوسەنگی تێک دەدات؟**

وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ لە دوو ڕەهەندەوە سەرنجی بدەین: بە نیسبەت کورد و سوننە هیچ گرفتێکی ئەوتۆ لە هاوسەنگیدا دروست نابێ؛ ئەوەندە نەبێ کە سەنگی کورد لەو ناوچانە ئەگەر وەک خۆی نەمێنێتەوە زیاتر دەبێ. بەڵام ڕەهەندی دووەم لە وەڵامی پرسیارەکە ئەوەیە، کاتێک لایەنی سێیەم دێتە ناو هاوکێشەکەوە هاوسەنگییەکە تێک دەدات، چونکە ئەوەندەی ڕەوتە وەلائییەکان و شیعییەکان بەگشتی لە سەنگی سوننە لەو ناوچانەدا کەم دەکەنەوە، ئەوەندە لە هی کورد نا. بەڵام ئەوەی جێی مەترسییە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێی شیعە و کورد زیاتر دەبێ و دژایەتی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان پەرە دەسێنێ، چونکە ئەوەی کە جێی ئاماژەپێدانە لەوانەیە پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر لە 15 کورسی تەنیا لە کورد لەو چوار بازنەیە بێنێ و، وا چاوەڕوانیش دەکرێ لە ڕێگەی هاوپەیمانێتییەکەیەوە چەند کورسیی دی لە کۆتا و عەرەب بۆ ئەو دەربچن. بەمەیش دەبێتە جۆرێک لە گوشار بۆ سەر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، تایبەت لە کەرکووک کە لە دوای هەڵبژاردن هەماهەنگیی سیاسی و نەتەوەیی لەگەڵ پارتی کەم بکاتەوە.

ناوچە کوردستانییەکان- مەبەستمان هەر چوار بازنەی نەینەوا و سەڵاحەددین و کەرکووک و دیالەیە، کە سەنگێکی ململانێی زۆری لەسەرە، بۆ نموونە ژمارەی پاڵێوراوانی ئەو چوار بازنەیە 1447 کەسن، کە 24.4%ی کۆی گشتییە، ململانێ دەکەن لەسەر 71 کورسی کە 24.9%ی کۆی کورسییە گشتیەکانن. لە لایەکی تریشەوە ئەو چوار بازنەیە 4 کورسیی کۆتای تێدایە: 3 لە نەینەوا، 1 لە کەرکووک کە 40%ی کۆی کورسیی کۆتاکانە.

لە ناوچە کوردستانییەکان سێ ڕەهەندی دژوار لەم هەڵبژاردنەدا کۆ بوونەتەوە، کە هەندێکیان پێشتر نەبوون یان کاریگەرییان ئەوەندە نەبوو، ئەوانیش:

- ململانێی کورد و کورد ئەم جارە توندترە و ژمارەی بکەرە سیاسییەکانیش زۆرترن و "نەوەی نوێ"یش هاتۆتە ناوەوە. هەرچەند ئەو ململانێ توندە ئەگەری بەدەستهێنانی دەنگی زۆرتر لە جارانی بۆ کورد هێناوەتە ئاراوە.
- ململانێی پارتی و پەکەکە لە شنگال و مەخموور کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردن دەبێ، چونکە پەکەکە ڕۆڵی تەواوکاریی حەشدی شیعی دەبینێ، زیاتر دژ بە پارتی نەک هاوکار بۆ یەکێتی. کەواتە یەکێتیی نیشتمانییش زۆر لە پەکەکە سوودمەند نابێ. لە لایەکی تریشەوە ململانێی پارتی و یەکێتی دەچێتە قۆناغێکی نوێوە؛ کاتێک کە پارتی زۆرینەی کورسییەکانی کورد لە ناوچە کوردستانییەکان بێنێ. ئەو واقعەیش ئەوەندەی یەکێتی لە وەلائییەکان نزیک دەکاتەوە، ئەوەندە لە پارتی نا. بەمەیش پەرتەوازەیی کورد دەچێتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە.
- ململانێی بێشوماری لایەنە شیعییەکان لەسەر ئەو ناوچەیە بەتایبەتی و، زۆنی سوننە بەگشتی؛ کە لە هەوڵی ئەوەدایە شوێن پێگەیەی بەرچاوی لە ڕێگەی سیاسەت و پارە و هێز و هاوپەیمانێتییەوە بکاتەوە، تەنانەت لە شارۆچکەی عۆجە، کە شوێنی لەدایکبوونی "سەددام"ە؛ چونکە بەنیازن زیاتر لە 3 کورسی لە پارێزگای سەڵاحەددین بەدەست بێنن.
- ململانێی بێشوماری لایەنە شیعییەکان لەسەر ئەو ناوچەیە بەتایبەتی و زۆنی سوننە بەگشتی، کە لە هەوڵی ئەوەدایە شوێنپێگەی بەرچاوی لە ڕێگەی سیاسەت، پارە، هێز و هاوپەیمانێتییەوە بکاتەوە، تەنانەت لە شارۆچکەی عۆجە، کە شوێنی لەدایکبوونی سەددامە، چونکە بە نیازن زیاتر لە 3

کورسی لە پارێزگای سەڵاحەدین بەدەست بێنن. لەوەیش زیاتر شیعەکان لە کۆی 10 هاوپەیمانێتی 3-4 هاوپەیمانێتیان هەیە، لە سەلاحەدینیش لە کۆی 6 هاوپەیمانێتی شیعە 2ی هەیە، لە کەرکووک لە کۆی 10 هاوپەیمانێتی 3 شیعەن، لە دیالەش لە کۆی 7 هاوپەیمانێتی 3 شیعەن، کەواتە لە کۆی 33 هاوپەیمانێتی لە ناوچە کوردستانییەکان، زیاتر لە 11 یان شیعەن، واتە یەک لەسەر سێ.

**ئایا شیعەکان دەتوانن بەسەر زۆنی سوننەدا زاڵ بن؟**

وەڵامەکە "بەڵێ"یە. چونکە هەر ئەوانن کە ئێستا لە ڕێگەی دەوڵەتەوە لە دوای داعش لە ڕووی سەربازییەوە کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەیان کردووە؛ بەڵام ئەوەی ئێستا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانەوە هەوڵی بۆ دەدرێ، زاڵبوونی سیاسی و مەزهەبییە. میکانیزمی تەواویش لەلایەن ئەوانەوە بۆ ئەو مەبەستە لە نێوەندی هەڵبژاردنەوە دانراوە. لەم قۆناغەدا ئەگەر ئەوان لە 10%ی ئەنجومەنی ئەو زۆنە سوننییە بەدەست بێنن، سەرکەوتوون؛ دواتر دەست دەدەنە میکانیزمی سیاسەتی نەرم وەک: نۆژەنکردنەوە، ئاوەدانکردنەوە، پڕۆژە، نزیکبوونەوە، کردنەوەی دامەزراوەی ڕۆشنبیری، پارەبەخشینەوە، گرنگیدان بە خێڵ و هۆزە عەرەبەکان و کارئاسانی بۆکردنیان و هتد. لە لایەکی تریشەوە ئەو واقعەی کە سوننەکانی تێدایە، بریتییە لە پەرتەوازەیی و ناکۆکی. بەو حاڵەیشەوە وەک ئاماژەمان پێ دا زۆنێکی سوننی لەسەر زەمینی واقع، دەگۆڕێ بۆ زۆنی تێکەڵ لە نێوان سوننە و شیعە و، دواتریش بونیاتنانی پارێزگایەکی شیعی لە دەشتی نەینەوا کە دەکەوێتە ناوجەرگەی زۆنی سوننییەوە! لەو ڕێگەیەیشەوە مەزهەب تەشەنە پێ دەدەن و لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هۆی پەرتەوازەبوون و لێکترازانی زۆنی سوننە، تەنانەت لە ڕووی جیۆپۆلیتیکیشەوە. بەڵام ئایا دەتوانن بەتەواوی سەر بکەون؟ نەخێر چونکە ئەمە قۆناغێکی پلانەکەیە و بە دوو یان سێ هەڵبژاردنی دی وەک دیالە و دوزخورماتووی لێ دێ.

**ئایا لەو نێوەندەدا چارەنووسی حەلبووسی چیی لێ دێت؟**

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، دەبێ ئاماژە بە چەند شتێک بدەین:

- شیعەکان ئێستا لەوە زیاتر گرنگی بە حەلبووسی نادەن، چونکە کاتەکەی هەستیارە و پێش هەڵبژاردنە.
- حەلبووسی وەک ڕەمزێکی سوننی، ئیدی لەلایەن دادگەی باڵاوە قوفڵ کرا، کە ناتوانێ لەوە زیاتر بڕوا. ئەوەی کە حەلبووسی ئێستا دەیکات هیچ ڕۆڵێکی نییە، بەڵکوو تەقەلایەتی بۆ مانەوە.
- شیعەکان مەبەستیانە لە قۆناغی دوای بڕیاری دادگەی فیدراڵی شوێنگرەوەیەک بۆ حەلبووسی دابنێن. دەستێوەردانەکانیشیان بەناڕاستەوخۆیی بەردەوامە، تا لەوێوە لە بەهای حەلبووسی و هاوپەیمانێتییەکەی کەم بکەنەوە.
- دوای هەڵبژاردن چارەنووسی حەلبووسی ئەگەر هاوکێشەی سیاسیی نوێ نەیەتە ئاراوە، ئەوا لە دوو حاڵەت بەدەر نابێ: یان بەردەم دادگە بە تۆمەتی ساختەکاری و پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل، یان چوونەدەرەوە لە عێراق. بەڵام شیعەکان ئەوەی دووەمیان زیاتر لا پەسەندە، چونکە هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لەسەر شەقامی سوننە لێ ناکەوێتەوە.

**سەدر لە کوێی هاوکێشەکەیە؟ ئایا زیاتر لەوە پەراوێز دەخرێ؟**

ئەم هەڵبژاردنە ناتوانێ سەدر پەراوێز بخات، چونکە تا هەنووکە شەقامی بەدەستەوەیە و هەر کاتێ بیەوێ دەتوانێ هەمان ڕۆڵی جاران بەدەست بێنێتەوە و هاوکێشەکان دووچاری شۆک بکات. بەڵام ئایا سەدر لەم هەڵبژاردنەدا کام ستراتیژییەتی گرتۆتە بەر؟ (کە ئەویش بە چەند قۆناغێکە):

- دواخستن یان ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن.
- نەچوون بۆ هەڵبژاردن و هەڵوێستوەرگرتن، تا هەڵبژاردن نزمترین ئاستی بەشداربوون بەخۆیەوە ببینێ و کاریگەری بخاتە سەر ڕەوایەتیی نوێنەرەکان.
- دەنگدان بەو لایەنەی کە سەر بە ڕەوتە وەلائییەکان نین، یان ئەو حزبانەی کە ڕاستەوخۆ کار بۆ ئێران ناکەن؛ چونکە سەدر لە پەیامێکیدا بۆ لایەنگرانی دەڵێ: "نیگەران و بێئومێدم دەکەن، کاتێک کە دەتانەوێ بچنە هەڵبژاردن و دەنگ بە گەندەڵەکان بدەن." ئەمەیش ئاماژەیە بەوەی کە لایەنگرانی دەتوانن بچن، بەڵام دەنگ نەدەنە گەندەڵکارەکان لە چوارچێوەی هەماهەنگی. سەدر ئێستا کار لەسەر دووەم و سێیەم دەکات.

**سەدر، کەی جووڵەی سیاسیی ڕاستەوخۆی لەسەر شەقام دەست پێ دەکات؟**

- دوای هەڵبژاردن و دەستبەکاربوونی ئەنجومەنەکان، نەهێشتن بۆ سەرکەوتنیان و کارکردن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختەی پەرلەمان.
- ئەگەر بارودۆخەکە لە نێوان ڕەوتە وەلائییەکان و ئەمریکا تێک چوو؛ سەدر زۆر هەوڵی بۆ دەدا. بەڵام ئەو بابەتە لەلایەن هەماهەنگییەوە دوورە، تەنانەت لاریشیان نییە لە پێناو مانەوەدا سازش بۆ ئەمریکا بکەن و هەندێ لە هێرشەکانیان بۆ سەر ئەمریکا کەم بکەنەوە و دەستی "سوودانی"یش واڵا بکەن بۆ ڕاوەدوونانی هەندێ گرووپ.
- ئەگەر مالیکی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا و زۆرترین پارێزگار کەوتنە دەست ئەو، ئەو دەمە سەدر پێی قبووڵ ناکرێ؛ شەقام لە دژی مالیکی لە ڕێگەی دژایەتیی نوێنەرانی ئەنجومەن و دامەزراوەکانەوە جمەی دێ.

سەدر لە سیاسەت پەراوێز ناخرێ، هەروەک چۆن بێئومێدیش بووە لە گەیشتنە دەسەڵات، بەڵام کاریگەرییشی ئەوەندە نابێ بتوانێ شوێن بە هەماهەنگی لەق بکات؛ چونکە بەردەوام ئەو کەسی بزووتنەوە و دژایەتیکردنی دەسەڵات بووە. بەڵام هیچ پەیامێکی ڕۆشنی لەو بارەیەوە پێ نییە و لە ئاییندەیشدا لایەنەکان خۆیان لە هاوپەیمانێتی لەگەڵیدا بەدوور دەگرن، چونکە بەرەی دژ بە ئەو، تەواوی گرووپە وەلائییەکان و دەوڵەتی ئێرانیش دەگرێتەوە. ئەمەیش کارێکی ئاسان نییە و سوودێکی ئەوتۆیشی لێ ناکەوێتەوە.

**گەرچی لە سێ پارێزگاکەی هەرێم هەڵبژاردن ناکرێ، بەڵام ئایا ئەو هەڵبژاردنە کاریگەریی لەسەر هەرێم هەیە؟**

دەکرێ زۆر بەپوختی کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێم ئاماژە پێ بدەین:

- هەرێم نەک هەر کاریگەر دەبێ، بەڵکوو خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو ململانێکەدایە؛ بە لانی کەم لە پێنج پارێزگا کە نزیکەی 60%ی پرۆسەکەیە، ئەویش لە پارێزگاکانی بەغدا، نەینەوا، سەڵاحەددین، کەرکووک، دیالە. بۆ هەر یەک لەو بازنانەیش پاڵێوراوی تایبەت و هاوپەیمانێتیی

لایەنانی پێکهێنەری حکوومەتی هەرێمی تێدایە و ململانێی تەواویش دەکەن.

- ناوچە جێناکۆکەکان پشتێنەی ئاسایشیی هەرێمی کوردستانن لە ڕووی دیموگرافی و سیاسی و نەتەوەییەوە. هەر گۆڕانکارییەک لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە لەو ناوچانە ڕوو بدا، کاریگەریی لەسەر ئاسایش و پرسی نەتەوەیی دەبێت.
- هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و شارەوانییەکانی هەرێم بە بەرەنجامەکانی کاریگەر دەبن.
- ئاستی ململانێی کورد لەگەڵ کورد لە ناوچە کوردستانییەکان بە شێوەیەکی نێگەتیڤ بۆ ئایندە دەگوازرێتەوە هەرێم؛ بەمەیش تەبایی نیشتمانی، زیاتر لەوەی ئێستا لاواز دەبێت.
- سەرکەوتنی مالیکی بە پلەی یەکەم و ڕەوتە وەلائییەکان بەگشتی، کاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییەکانی هەرێم و حکوومەتی فیدراڵ دروست دەکات و ئایندەی پەیوەندییەکان تا دێ زۆر نالەبار و دژوار دەبێ و شێوازەکانی سزادان و گەمارۆ دژ بە هەرێم زیاتر دەبن و ئەگەری ڕێککەوتن تا بێ مەحاڵ دەبێ و، مالیکییش بەدووی تۆڵەسەندنەوە لە کورد دەبێ. لە ئاکامیشدا ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری نزیکتر دەبێتەوە.
- ئەگەر مالیکی لەم هەڵبژاردنەی شارەوانییەکاندا زۆرینە بەدەست بێنێ، ئەوە بەدووریش نازانرێ لە هەڵبژاردنی پەرلەمانییش زۆرینە بەدەست بێنێ. ئەمەیش سیستەمی سیاسیی وڵات و دەستوور و پرۆسەی سیاسی دووچاری گۆڕان و ئاشوب دەکات.
- ئەگەر مالیکی سەر بکەوێ، لێکترازانی ماڵی کورد زیاتر دەبێ و ڕەوتی دژایەتی بۆ هەرێم بۆ بەرزترین ئاست هەڵدەکشێ و، ئەو نەیارانەیش کە پەیوەندیی بەرژەوەندیسازیان لەگەڵ بەغدادا هەیە، زیاتر داڵدە دەدرێن و بەدەمەوەچوونی مالیکییش بۆ بەدیهێنانی داواکانیان زێتر دەبێ.